# ئەرسەلان دەروێش

## مێژووی کورد دەباتە پاریس

**لە شانۆگەرییەکدا شانۆنووس (ئەسەلان دەروێش) لە ڕێگەی هونەرمەندێکی شێوەکارەوە نیگاری تابلۆیەك دەکێشێت، بۆ ئەوەی لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا بەو تابلۆیە بەشداریی پیشانگایەك بکات، بەشێوەیەکی زیندوو چەندین بابەت و ڕووداو و کەسایەتی لە نێو تابلۆکەدا دەردەکەون، کە دەبنە هێڵی سەرەکیی گفتوگۆ لەگەڵ نیگارکێشەکە و بە زمانێکی سادە و پاراو بابەتەکان بەرجەستە دەکەن.**
**شانۆگەریی» تاریکتر لە شەوەزەنگ» بەرهەمی (بەڕێوەبەرایەتیی هونەری شانۆی هەولێر و تیپی شانۆی سالار)ە، کە لە ڕۆژانی ٢٧،٢٨،٢٩/١٢/٢٠١٨ لە هەولێر نمایش کرا.**

**ن/ کامەران حاجی ئەلیاس**

زۆر جار لەهەر تابلۆیەکی هونەرمەندانی شێوەکاردا (سەرەتا، کۆتایی، جووڵە، ڕووناکی، سینۆگرافیا، ململانێ، ڕەنگ، کەسایەتی و دیالۆگ...) بەدیدەکرێت، بەتایبەتی لە تابلۆکانی واقعیدا، هەر بۆیە لە کاتی سەردانم بۆ زۆربەی پێشانگاکانی هاوڕێ شێوەکارانم ئەم حاڵەتە بە ڕوونی دەبینم، بۆیە لەو دەفتەرەی کە بۆ ڕا و تێبینییەکان لە هەموو پیشانگایەك دانراوە، من دوای سەیرکردنی تابلۆکان ڕا و سەرنجم بۆ هونەرمەندەکە دەنووسم، لە هەر تابلۆیەك شانۆگەرییەك دەبینم کە پڕە لە ململانێ، سینۆگرافیا، ڕەنگ، ڕووناکی. چونکە وەکو دەقێکی شانۆیی سەیری تابلۆکان دەکەم، هەر تابلۆیەك چەندین بابەتی سەرەکی و لاوەکی لەخۆ دەگرێت .

لە شانۆگەریی «تاریکتر لە شەوەزەنگ» کە لە نووسینی (دکتۆر دڵشاد مستەفا) و دەرهێنانی هونەرمەند (ئەرسەلان دەروێش)ە، من زۆربەی دەقەکانی نووسەر دکتۆر دڵشاد مستەفام خوێندۆتەوە، یەکێك لە سیفەتەکانی دەقەکانی ئەم نووسەرە ئەوەیە کە تا ڕادەیەکی زۆر، بنەماکانی بونیاتی دەقەکانی لەئاست دەقی جیهانین، بەتایبەتی لە ڕووی هەرەمی دەق کە بریتین لە (سەرەتا، ململانێ، لوتکە، چارەسەر، کۆتایی).

لە دەقی «تاریکتر لە شەوەزەنگ» نووسەر لە ڕێگەی هونەرمەندێکی شێوەکارەوە کە خەریکی نیگاری تابلۆیەکە بۆ ئەوەی بەو تابلۆیە بەشداری پیشانگایەك بێت، لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا لە نێو ئەو تابلۆیە چەندین بابەت، ڕووداو، کەسایەتی. بە شێوەیەکی زیندوو دەردەکەون، کە دەبنە هێڵی سەرەکیی گفتوگۆ لەگەڵ نیگارکێشە هونەرمەندەکە، نووسەر زۆر بە وردی باس لە مێژووی پرسی کورد (خەبات، شۆڕش، نەهامەتی، مەرگەسات، جینۆساید، ئەنفال، هەڵبجە و کیماباران، خیانەت، ئابڕووی هەتککراو، نیشتمانی پارچە پارچەکراو و.. هتد) دەکات، بێگومان لەم دەقە شانۆییەدا لایەنی کۆمەڵایەتییش، وەکو توندوتیژی دژی ئافرەتان و باوکسالاری، پشکی خۆی هەبووە، خاڵێکی دیکەی نووسەر هەردەم ترۆپکی بابەتەکان، یان چیرۆکەکانە، پەیوەستبوونە بە دۆزی گەلەکەی، بە واتایەکی دیکە، خوێنەر، یان بینەر، بابەتەکانی نووسەری لەلا نامۆ نین و خۆی تێدا دەبینێتەوە و زۆر نزیکە لە ناسۆرییەکان، بەتایبەتی کێشەی نەتەوایەتی، ئەمەش خاڵێکی گرنگی سەرکەوتنی دەقەکانی نووسەرە، هاوکات نابێ زمانی نووسینیش لە بیر بکەین، کە هەم سادەیە هەمیش زمانێکی پاراوە. دەرهێنەر زۆر زیتەڵانە و زۆر بە وریایی لە ڕێگەی تابلۆیەکی شێوەکاریی زیندووکاری لە سەر دەقەکە کردبوو، کە گوزارشتی لە چەندین لایەنی دۆزی مێژوویی نەتەوەکەمان دەکرد، بە تایبەتی ئەو نەهامەتییانەی کە لە رابردوودا بەسەر کورد هاتوون، ئەوەی زۆر گرنگیش بوو، ئەرسەلان دەروێش ئەو هەموو ڕووداو و مەرگەساتانەی کوردی بەدیقەتەوە بە زەمەنی ئێستا بەستۆتەوە، بەتایبەتی لەگەڵ نەوەی سەرکێش و یاخی لە ئێستادا.

دەتوانین بڵێین دەرهێنەر، دوو هاوکێشەی هاوتەریب و هاوسەنگ (فکری و جوانناسی) بەرجەستە کردبوو، بەتایبەتی کێشەی کورد لەسەر هەردوو ئاست، وەکو نەتەوە و وەکو تاك، بۆنموونە: یاخیبوونی گەنج و کۆچکردنی تاکی کورد لەو دەقەدا بوونی هەبوو، بە جۆرێك مەبەستی سەرەکی بریتی بوو لە بە ئاگاهاتنی



تاکی کورد تا سیاسیەکانیش، بەتایبەتی لەو گۆڕانکارییانەی کە ئێستا لە دەوروبەری کوردستان و ناوچەکە هەن .

دەرهێنەر سەرکەوتووانە کاری لەسەر پرۆسەی دەرهێنان کردبوو، ئەوەی زۆ رسەنجی منی راکێشا، ئەو رەهەندە شانۆییە بوو، کە لە رێگای بەکارهێنانی موزیکی وێنەیی و رووناکییەکی گونجاو لە سەر شانۆ بەدی دەکرا، تا ئەو رادەیەی بینەر هەستی بە چەندین رەهایی فەلسەفی و ئیستاتیکی دەکرد، زۆر جار جوولەی تابلۆیەك وەکو گوزارشتێك لە دیالۆگەکان چێژی بە بینەران دەبەخشی، چونکە ریتمی نمایشەکە لە هاتوهاوار دوور بوو.

بابەتێکی زۆر گرنگ و گەرم، بەڵام هێمن و ئارام دەگەیشتە بینەران، بە بۆچوونی خۆم ئەمەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی بینەر کپ و بێدەنگ بێت و بە سەلیقەوە لەگەڵ کەشوهەوای شانۆگەرییەکە بێت، بە بێ ئەوەی تووشی وەڕسبوون بێت، ئەوەش بۆ خوێندنەوەی مەعریفیی دەرهێنەر دەگەڕێتەوە، کە توانیبووی بەجوانی ئەوەی لە هزروفکری خۆیدا هەیبوو، بە خوێندنەوەیەکی دەقی نمایش بۆمان بەرجەستە بکات .

هیچ گومانی تێدا نییە، ئەکتەری باش ئەرکی دەرهێنەر ئاسانتر دەکات، بە واتایەکی دی، ئەگەر ئەکتەری باش لە ژێردەستی هەر دەرهێنەرێك بێت، چەمك و خواستی دەرهێنەر باشتر دەکات، بۆیە ئەرسلەان دەروێش بۆ گەیاندنی پەیامەکەی سوودێکی باشی لە توانستی هەر سێ هونەرمەند (بەهەمەن حاجی، پشکۆ شێخ عەلی، رۆزە فەرهاد) وەرگرتبوو، ئەمەش هۆکارێکی باش بوو بۆ ئەوەی هەرسێ ئەکتەر لە رێگەی توانستی دەرهێنەر لەم نمایشەدا لە رووی دەنگ و جووڵە و ئاماژەکانەوە زۆر جیاواز بن، بەتایبەتی، رۆزە خان (پەری) کە لەگەڵ زۆربەی نواندنەکانی رابردووی جیاواز بوو، بێگومان مەبەست لێرەدا ئەوە نییە کە نواندنەکانی رابردووی وەك پێویست نەبووە، بەڵکو لەوانەیە رۆڵەکەی لەم شانۆگەرییەدا وای خواستبێت کە کارکتەرێکی هێمن و ئارام بێت، من بۆ خۆم یەکەمین جارە ئەم جۆرە نواندنەی بەڕێزیان ببینم.

ناکرێت باس لە رۆڵی هەردوو ئەکتەری بەتوانا (بەهمەن حاجی و پشکۆ عەلی) نەکەین کە خاوەن توانستێکی زۆرن، بەتایبەتی لە رووی نواندن و ئاخاوتن، چونکە خاوەن دەنگێکی شانۆیین و توانییان ئەوەی دەرهێنەر مەبەستی بوو، بگەینیە بینەران، بەڵام من پێم باش بوو، کە ئەو رۆڵەی درا بوو بە پشکۆ (خانی لەپ زێڕین) بەهمن حاجی بەرجەستەی بکردایە، بە پێچەوانەش رۆڵی گەنجە یاخییەکە لە بری (بەهمەن حاجی) پشکۆ عەلی بەرجەستەی کردبا، ئەوە بۆچوونی خۆمە، چونکە لە نزیکەوە بە دەنگ و ئاماژە و جووڵە و نواندنی هەردوو ئەکتەرەکە زۆر باش ئاشنام. نابێ رۆڵی ئەکتەرەکانی ناو تابلۆیەکە لە بیر بکەین، راستە دیالۆگیان نەبوو، بەڵام جووڵە و هێماکانیان بەشێوەیەکی ئیستاتیکیی زۆر جوان بەرجەستە دەکرد، بەتایبەتی هەندێ جووڵەی جێگیر، چونکە هەندێ لە جووڵەکان پێوستیان بە وزەیەکی زۆر هەبوو، ئەوانیش سەرکەوتوو بوون لە هەموو نمایشێکدا، (دیکۆر، جلوبەرگ، روونکی، میوزیك، مەکیاژ) هاوکاری ئەکتەرن بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان و سەرکەوتنی نمایشەکە، لەم نمایشەدا بە وردی مەکیاژ بۆ ئەکتەرەکان کرا بوو، دەستخۆشی لە ستافی ئەم شانۆگەرییە دەکەم و هیوای بەردەوامییان بۆ دەخوازم.

# سەمیرە سەعید تا راددەیەک جیاوازە



خانمە هونەرمەندی مەغریبی (سەمیرە سەعید) لە روانگەی وشیاریی و درك كردنی بەو رۆڵەی لە نێو كۆمەڵگەدا دەیگێڕێ، هاوكات وەك رەنگدانەوە بەرامبەر بەو كۆمەڵگەیە و هەستكردنی بە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە جەماوەرەكەی بەتایبەتی لە وڵاتی مەغریب، ئەم خانمە هەڵمەتێكی دژی جگەرەكێشان دەستپێكرد. بۆ ئەمە مەبەستەش لە چوارچێوەی هەڵمەتێك كە تەلەفزیۆنی مەغریبی دەستی پێكردووە، بۆ ئاگاداركردنەوە لە مەترسییەكانی جگەرەكێشان دەستی بە وێنەگرتنی ریكلامێك كرد، لەو سپۆتەدا سەمیرە سەعید دەڵێ: «من هیچ چیرۆك و بەسەرهاتمێكم لەگەڵ جگەرەكێشان نییە، بەڵام چیرۆكی باوكم لەگەڵ ئەم پەتایە دوورو درێژە، چونكە دوای دە ساڵ لە وازهێنانی لە جگەرەكێشان، دواتر هەر بە نەخۆشیی شێرپەنجەی سییەكان كۆچی دوایی كرد، من ئەو راستییەتان پێ دەڵێم كە لە راپۆرتە جیهانییەكان بڵاوكراوەتەوە و سەلماندوویەتی، كە جگەرەكێشان هۆكارێكی سەرەكییە بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی شێرپەنجەی سییەكانە».

لە درێژەی سپۆتەكەیدا سەمیرە دەڵێ: «هەر كەسێك بێتە ماڵم پێی دەڵێم بەخێر بێیت بۆ نێو ماڵەكەم، بەڵام هیوادارم جگەرەی تێدا نەكێشیت»، لە كۆتایی سپۆتەكەشدا سەمیرە دەڵێ: «زۆر بە باشی بیر بكەنەوە، چونكە تەنیا یەك تەندروستی و یەك ژیانتان هەیە، بۆ ئەوەی بە خۆشی و ئاسوودەیی و دوور لە گرفت بژین، بە هەموو شێوەیەك لە جگەرەكێشان دووربكەنەوە، پاشان بەراوردێك بكەن و بزانن چۆن ژیانتان گۆڕاوە و خۆشتر بووە.



# کیرا: هونەر سەرئێشەی زۆرە



خانمە ئەستێرەی سینەمای بەریتانی )کیرا نایتلی( کە یەکێکە لە ئەستێرە دیارەکانی هۆلیوود و لە سەرکەوتنی ئەو کارانەی بەشدارییان تێدا دەکات، لە فیلمەکانیدا رۆڵی بەرچاوی هەیە، لە دیمانەیەکیدا ئاماژە بەئەوە دەکات، کە ئەگەر کچێکی هەبێت، ئامۆژگاریی دەکات بە هیچ شێوەیەك لە کاری هونەری نزیك نەبێتە.

کیرا کە لە بارەی ئەوەی کە ئایا رازییە منداڵەکانی وەکو خۆی روو لە بواری نواندن بکەن و ببنە ئەکتەر، گوتی: ئەگەر کچێکم هەبێت و بزانم هەر لە تەمەنی منداڵییەوە بە ١٥٠ ملیۆن داهات دەیەوێ روو لە نواندن بکات، داوای لێدەکەم پەشیمان ببێتەوە و روو لەو کارە نەکات، چونکە نواندن و کاری هونەری بە گشتی سەرئێشەی زۆرە، بەتایبەتی بۆ کچان، بۆیە پێویستە کچانی نەوجەوان لە کەشوهەوایەکی تایبەتدا ژیان بەرێ بکەن، نەك لەنێو کەشێکی پڕ لە جەنجاڵی و زەحمەت، چونکە ئەگەر کچ ببێت بە ئەکتەر، ناچارە شەوان دەربچێت و بە شێوەیەکی ناسرووشتی کۆنترۆڵی خۆی لەدەست بدات و رووبەڕووی چەندین هەڵوێستی نالۆژیکی دەبێتەوە، بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لە ژیانیدا تووشی هەڵەی زۆر ببێتەوە، کە تا هەتایە کاریگەریی دەبێت.

شایەنی وتنە کیرا نایتلی کچی ئەکتەر (ویل نایتلی) یە و هەر لە تەمەنی منداڵییەوە رووی لە کاری نواندن کردووە.

# میراندا کییر بە هیچ شێوەیەک لە خواردنی چەور نزیک نابێتەوە

هەڵبژاردنی کچە نمایشکار بۆ هەر دیزاینەرێکی جلوبەرگ زۆر گرنگە، بۆ ئەوەی کارەکانی پێ نمایش بکات و بە جوانترین شێوە دەربکەوێت و جوانییەکی دیکە بە جلوبەرگ و دیزاینەکانی ببەخشێت، بۆیە هەمیشە بە دوای جوانترین و سەرنجڕاکێشترینیدا دەگەڕێن، هەر ئەمەش وای لە دیزاینەری بەناوبانگی جیهانی (ڤیکتۆریا سیکریت) کردووە، کە کچە نمایشکاری شۆخوشەنگ میراندا کییر هەڵبژێرێت بۆ نمایش کردنی کارەکانی.



میراندای بە رەچەڵەك ئوسترالییە و تا ئێستا جوانی و رێکوپێکیی لەشی وەکو خۆی ماوەتەوە، هۆکاری ئەم جوانی و رێکییەش بە پلەی یەك بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بەشێوەیەکی رۆژانەی بەردەوام وەرزشی یۆگا ئەنجام دەدات، هەروەها بە هیچ شێوەیەك لە خواردنی چەور نزیك نابێتەوە، زیاتر پشت بە خواردنی سەوزە و میوەی کەم شەکر و خواردنەوەی ئاو دەبەستێت و، ئەو خواردنانە دەخوات کە رێژەیەکی زۆری کاربۆهیدرات و پرۆتینی تێدایە، وەك (ماست و هێلکە و شیر و سینگی مریشك)، هاوکات بۆ پاراستنی جوانیی لەشولاری، بەپێی گرووپی خوێنی خۆی خواردن دەخوات.

لەبەر ئەوەی ئاویش بە یەکێك لە پێداویستییەکانی هێشتنەوەی هێز و جوانیی لەش دادەنرێت، میدراندا رۆژانە هەشت کوپ ئاو دەخواتەوە، لەگەڵ ئاویش بەردەوام شەربەتی سرووشتی دەخواتەوە بۆ ئەوەی لەشی رێژەی پێویستیی لە ڤیتامین و کانزاکان دەست بکەوێت، سەرباری هەموو ئەمانەش وەرزش بە گرنگترین هۆکاری هێشتنەوەی جوانیی لەش دادەنێت و داوا لە ئافرەتان دەکات، کە ئەگەر بیانەوێ بە جوانی بمێننەوە، ئەوا ئەو بەرنامەیە پەیڕەو بکەن.



### ئەحلام:

# پرۆژەیەکی نواندن لە ئارادایە

ئەحلام خاوەنی سێ ناسناوی نێودەوڵەتییە، تاجی شاجوانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا و جیهانی کردووەتە سەر، بەڵام هێندە سادە و خاکییانە خۆی نمایش دەکات، باوەڕ ناکەیت ئەو هەموو ناسناوەی بردبێت. ئەحلام حەجی، بە رەچەڵەک مەغریبییە، بەڵام رەگەزنامەی فەرەنسیی هەیە و لە پاریس نیشتەجێیە، شۆخ و شەنگییەکەی وای کردووە رۆژ لە دوای رۆژ ناوبانگی زیاد بکات، لەگەڵ ئەوەشدا هەر تەنیا گرنگی بە جوانیی رووخساری نەداوە، بەڵکو جوانیی رۆح و مرۆڤایەتی و کارە خێرخوازییەکانی دەبنە هۆی ئەوەی ناسناوی باڵیۆزی منداڵانی کیشوەری ئەفریقای پێ ببەخشرێت.



بـۆ ئەنجامدانـی چەند کارێکـی هونەری و خۆئامادەکـردن بـۆ یەکـەم ئەزموونـی نوانـدن، ئەحلام بەم دواییە سـەردانی کوردسـتانی کرد، سـەبارەت بە کاری نوانـدن دەڵـێ: «مـن عاشـقی دنیـای نوانـدن و هونـەرم، بەتایبەتـی سـینەما، پێشتر هەنـدێ ئەزموونـی نواندنـم لـە لوبنـان و کەنـداوی عەرەبـی هەبـووە، بـەڵام دەمەوێت بەشـێوازێکی بەرفراوانتـر بێمـە نێو بواری نوانـدن، چونکە ئـەوە خەونی لەمێژینـەی منە، پەنا بە خودا ئەم خەونەشـم دێتـەدی»، هاوکات ئاشـکرایکرد «هەرچەندە هونەرمەندی کۆچکـردووی میسـری (عومـەر شـەریف) یەکێـك بوو لە هاندەرانـی مـن بۆ ئـەوەی بێمە نێـو بواری نوانـدن و، ئەو پێشـبینی ئـەوەی کردبوو، کـە بەهرەیەکـی هونەریی نواندن لەمنـدا هەیە».

ئەحـلام چەندیـن جـار سـەردانی کوردسـتانی کـردووە، دەربـارەی ئافرەتـی کورد دەڵێ: «بە راسـتی ئافرەتی کورد زۆر بەهێز و بەسـۆزن، ئافرەتی کورد دایکێکە دەزانێت چۆن منداڵەکـەی پـەروەردە دەکات و چۆنیـش گرنگی بەهاوڕێن و میوانەکانـی دەدات، ئەمـە ئێسـتا لـە دنیـای دەرەوە زۆر بەکەمـی دەبینرێـت، چونکە ئەمان هیـوای زۆریان بە ژیان هەیـە، هەرچەنـدە ئافرەتـی کـورد بەدرێژایـی مێـژوو بـە بارودۆخـی زۆر سـەختدا گـوزەری کردووە، بـەڵام هەرگیز هێز و توانای خۆی لەدەسـت نەداوە، من زۆر سەرسـامم بە ئافرەتـی کورد، ئەمـەش لە ڕێگەی کارەکەمـەوە بە هەموو جیهـان دەگەیەنم».

ئەحـلام وەك شـاجوان ئامۆژگارییـەك ئاراسـتەی ئافرەتانـی کوردسـتان دەکات و دەڵـێ: «هەمـوو ئافرەتێك پێویسـتە ڕۆژانـە وەرزش بـکات، بـۆ ئەوەی لەشـولاری بە ڕێکـی و جوانـی بمێنێتـەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا زۆر گرنگە وەرزشـی یـۆگا بکەنـە بەرنامـەی ڕۆژانەیـان، چونکـە ڕۆڵێکـی گرنگـی هەیە لـە تواندنەوەی چـەوری، هەروەها لـە ڕووی تەندروسـتی و دەروونیشـەوە زۆر سـوودی هەیە، ئـەوەی زۆر گرنگـە ئافرەتـان لەبیری نەکـەن، خواردنەوەی بڕێکـی زۆری ئاوە، ئەمـەش یارمەتیی جوان هێشـتنەوەی پێسـت و دەموچـاو دەدات».

هـەر سـەبارەت بـە سـەردانەکانی کوردسـتان شـاجوانی پێشـووی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دەڵـێ : «لە کوردسـتان زۆر شـت سـەرنجی منیان ڕاکێشا، یەکێك لەوانە، ڕێزگرتنی خەڵکەکەیـە لـە میوانەکانـی، ئەمە بە دەگمـەن لە جیهاندا دەبینرێـت، هـاوکات زۆر سەرسـام بـووم بـە جلوبـەرگ و کولتـووری کـوردی، لە سـلێمانی جلی کوردیـم لەبەرکرد، زۆر سـەرنجڕاکێش و جوان بوو، هەروەها لە هەولێر خواردنی زۆر خۆشـی کوردەواریـم خوارد، بەتایبەتـی دۆڵمە، کە زۆر خۆشـە و هەرگیـز تامەکـەی لەیـادم ناچێـت، هەرچەنـدە هەوڵـم دا فێـری دروسـتکردنی دۆڵمە ببم، بـەڵام بەداخەوە نەمتوانـی بەباشـی فێـر ببم، هیـوادارم جارێکـی دیکە کە هاتمەوە کوردسـتان، بە جدی خۆم فێری دروسـتکردنی ئەم خواردنـە بکەم.

نازنـاوی شـاجوان گرنگییەکـی زۆری لە ژیانی ئە حلا مـد ا هەبـووە، لـەم بارەیـەوە دەڵـێ: «دوای وەرگرتنی نازناوی شـاجوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرگای دیکـە بەسـەر منـدا کرایـەوە، بەشـداریم لـە مەراسـیمی شـاجوانی ئاسـیا کرد و، پلەی یەکەمم وەرگرت و ناسـناوەکەم بەدەسـت هێنا، پاشان بەهۆی ئەو کارە خێرخوازییانـەی پێشکەشـی منداڵانی بێ سەرپەرشـتم دەکرد، لەسـەر ئاستی کیشـوەری ئەفریقا نازناوی باڵیۆزی منداڵانـم وەرگـرت، هەروەهـا نازنـاوی شـاجوانی زەویم لە سـاڵی ٢٠١٦م وەرگـرت.»

ئەحـلام خاوەنـی ڕێکخراوێکـی تایبەتە بـە یارمەتیدانی منـداڵان، لـەو بـارەوە دەڵـێ: «ئەمـە یەکێـك بـووە لـە ئاواتەکانـم، بۆیـە ئێسـتاش بەردەوامـم لە پاڵپشـتی کردنی ئـەم ڕێکخـراوە خێرخوازییـە و لـە داهاتووش بـەردەوام دەبم، دواییـن کاریـش کـە لە هەولێـر ئەنجاممـدا و تایبـەت بوو بـە یارمەتیدانـی منداڵـە ئاوارەکانـی موسـڵ، یەکێك بوو لـەو کارانـەی کە هەمیشـە شـانازییان پێوە دەکـەم، پەنا بە خـوا هـەوڵ دەدەم ئەگەر بتوانم دووبـارەی بکەمەوە، چونکە لـەو سـەردانەدا توانیم لـە نزیکەوە خەم و ئـازاری ئاوارەکان ببینـم، بەتایبەتـی منـداڵان کە یەکـەم قوربانیی جەنگ و بارودۆخێکـی تایبەتـن، کە هیچ دەسـەڵاتیان نییـە و تەنیا بوونەتـە قوربانی و باجی هەڵەی گەورەکان دەدەنەوە، پێشـتر سـەردانی چەنـد کەمپێکـی منداڵانم کردبوو لە کیشـوەری ئەفریقیـا، بـەڵام لەوێ بـارودۆخ بە تـەواوی جیـاواز بوو، لێـرەوە دەمەوێ سوپاسـی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان و بەرپرسـانی کەمپەکان بکەم کە یارمەتـی ئاوارەکان دەدەن.»

ئێسـتا ئەحـلام یەکێکە لـە کەسـایەتییە ناسـراوەکان، لە بـارەی ئـەوەی کـە ئایـا ئەمـە زیانـی پـێ نەگەیانـدووە دەڵـێ: «نەخێر، چونکە خۆشەویسـتیی خەڵـك و متمانەی میدیاکانـم بـە دەسـتهێناوە، ئەمـەش سـەروەتێکی باشـە، ڕاسـتە زۆر جـار ڕەنگـە تووشـی سەرئێشـە و گرفتیـش ببمـەوە، بەڵام بۆ من جێگای شـانازییە کـە توانیومە ناوی خانەوادەکـەم و ئـاڵای وڵاتەکـەم لە کـۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بـەرز بکەمەوە».

لـە بـارەی دوایـن کارەکانـی ئەحـلام حەجـی دەڵـێ: «لـە چوارچێـوەی ڕێکخراوەکەمـدا لـە کاری خێرخـوازی بـەردەوام دەبـم و بـەم زووانـە چەنـد چالاکییـەك ئەنجام دەدەم، لـە بـواری میدیاییـەوە چەنـد بیرۆکەیـەك لـە ئارادایـە بـەم زووانەئەوانیـش ئەنجامـی دەدەم، بەڵام لـە بـواری نواندنیـش ڕێکەوتنێـك هەیـە لـە نێـوان بەرهەمهێنەرێـك و ئەکتـەری عێراقی (محەمـەد سـالم) بـۆ فیلمێکـی سـینەمایی کـە لـە میسـر وێنـەی دەگیرێت.